کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 9-9-2007 15:55

**مالکی لەخەو هەستە وابەیانە!! ... د. دانا هەڵەبجەیی**



لەم ڕۆژانەدا دوو سیناتۆری ناوداری دیموکراسیخوازەکانی ئەمریکا کەهیلاری کلینتۆن وبایدن بوون داوای گۆڕین ولابردنی حکومەتەکەی مالکی و خودی مالکیان کرد!!! بۆڕۆژی دواتر مالکی خۆی تووڕەکرد ولەپرێس کۆنفرانسێکدا شتێکی زۆرتازەی ئاشکرا کرد کەپێشتر پێی نەزانی بوو و وایشی دەزانی کە کەس پێش ئەو پێی نەزانیوەو ئاگای لێی نەبووە!! ئەویش ئەوە بوو کە زۆر بە تووڕەیی وحەماسەتەوە ووتی (خۆ عێراق لادێیەك نیە لە ئەمریکا ) ؟؟!!

کاکە مالکی دەڵێم: ئەمریکا لەدووری هەزاران کیلۆمەترەوە هاتووە، 3/ 4ی دەوڵەتانی (لەبەر مەسەلەی عێراق) کردووە بەدوژمنی خۆی، 90%ی گەلانی جیهانی لەخۆی هەژاندووە، مێداقیەتی (جۆرج دەبلیو بۆش) وبنەماڵە عە ریق وحزبی کۆماریخوازی خۆیی خستوەتە مەترسیەوە، خوێنی لاوەکانی (ڕۆژانە) لەسەرخاکی عێراق بەدڕندەترین وناشیرینترین شێوەدەڕژێت، ملیارەها دۆلار خەرجەدەکرێت (لەسەربودجەومیزانیەی ساڵانەی ئەمریکاکەهی گەلی ئەمریکیە) بۆسەربازەکانیان لەعێراقدا، هەرڕۆژەی دۆستێکی دێرینی ئەمریکای لی یَ دەتۆرێت وپاشەکشە دەکات، شەعبیەتی سەرۆك ڕۆژبەڕۆژ لەدابەزیندایە، ڕێژەی دەرچوونی حیزبەکەی لەهەڵبژردنی داهاتوودا کەمبووەتەوە بۆ 37%، وەك هێلانە زەردەاڵە عەرەبی سونەی عێراق ودەوری عێراقی لی دێواوە، شیعەکانیش سیاسەتی (توقیە) و دووفاقەی لەگەڵ دەکەن، تورکیا عاجزە، ئێران پێگەی خۆی لەعێراقدا قاییمتر کردووە، سوریا بەسەر ئەم داگیر کردنەوە بووبەزلهێزی ناوچەکە، لەنەتە وەیەکگرتووەکاندا ئەمریکا مەجبوور بووە خۆی ناوبنی (هێزی داگیرکەر) ، لێپرسراوەباڵاکان ونزمەکانی ئەمریکا عێراقیان لابووە بە ڕێگەی کانی، ڕۆژانە سەربازی ئاسایی وئەفسەری دەرەجەدار لەسەر عێراق وخەڵکە ئاشووباویەکەی عێراق ڕاپێچی زیندانەکان و دادگا سەربازی و مەدەنیەکان ی ئەمریکادەکرێن.... ئەمانەوچەندەهاشتی ترکەئەمریکابەهۆی عێراقەوە (داگیرکردن بەووتەی خۆی و ڕزگارکردن بەووتەی دۆستەکانی ئەمریکا) تووشی دەبێت، لەبەرخاتری چی؟؟؟!!!!لەبەرخاتری چاوی جوانی من وتۆ و (س) و (ص) نیە... لەبەرخاتری کچی باڵابەرز وقژ زەرد وچاوشین نیە (چونکەئەمریکا زۆرزیاتری تێدایەوزۆربەی کچی عێراق لە (نینجا) دەچن) ، لەبەرخاتری ئەوەنیە کەلایەك لە (بغداد) ببێت بە عەمامە بەسەرو لاکەی تری ببێت بەڕیش درێژ وتۆش لەئۆردووگایەکی ئێرانەوە ببیت بەسەرۆك وەزیرانی وڵاتێکی گرنگی وەك عێراق »تۆلەسواری پەیکان وئاخچەمەوە بتخاتە سواری فڕۆکەی سەرۆکایەتی و58سەیارەیمۆنیکا حیمایەت بکەن، لەبەرئەوەنیەچەندهەزارتمەنێکی خێری گیرفانت بکات بەملیارەهادۆلاری دۆلاری بەردەستت!!لەبەرئەوەنیەکەلایەك لەخەڵکی عێراق بەقوتووی ئایسکرێم پەیوەندییان بەیەکەوە دەکردبەڵام ئێستا هاندی نۆکیایN93یان پێیەو سیمکارت ئەوەندە زۆرە لەعێراق نازانن کامیان بەکاربێنن، لەتەلەفزیۆنی ڕەش وسپیەوە کەتەنها 4کەناڵی وەردەگرت و 90%ی (یَدام) بوو بۆیان بکات بە سەتەلایت وبتوانن 1327بگرە زیاترکەناڵی جیهانی وەربگرن!!لەبەرئەوەنیە کەتەنها ناوی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتیان بیستبوو ئێستا زۆربەی ماڵەکان خەتی ئینتەرنێتیان ڕاکێشاوە!!!!لەبەرئەوەنیە کەلەخەویشدا کەس بۆی نەبووناڕەزایی بەرامبەرحیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی وسەرکردەکان وسەرکردەی سەرکردەکان (یَدام) دەرببڕی کەچی ئێستا کەناڵە ئاسمانیەکان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 15:55 9-9-2007

سەرەدەگرن بۆئەوەی بەناو سیاسیە عێراقیەکان زۆرترین جنێو بدەن وهونەری ڕەخنە گرتن وجنێودان فێری جیهان بکەن!!!زۆریك لە عراقیەکان کاتی خۆی نەیان ئەتوانی کۆڵانی ئەودیوی گەڕەکەکەی خۆیان ببینن ئێستا هەرڕۆژەی لەووڵاتێك وقارەیەکی خۆشی دنیان و (ئیفاد) زۆربووە... !!لەبەرئەمانەو چەندەها شتی تری وەك ئەمانە نین کە بوار نیە هەمووی بنووسم وباسی بکەم!؟؟.... ؟؟؟
بەڵکو لەبەرئەوەیە عێراق ببێت بە لادێیەکی ئەمریکی کاکە گیان!!!؟؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.